بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی لەبارەی پشووی زۆری یەکشەممە ڕاگەیاندراوەکی بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی ئەوارەی ئەمە شەممە ڕایگەیاندووە، سبەی یەکشەممە لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە سلێمانی دەوام ئاسایی دەبێت و پشوو نابێت.

ئەمەش لەکاتێکدا، بەهۆی شێپۆلی سەرما و بەفربارین لە بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی هەرێم لەوانە، قەزای پێنجوێن لە باکووری پارێزگای سلێمانی بە سبەی یەکشەممە 23ـی شوبات کرایە پشوو.

هاوکات بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستاندا کەشی پێشبینیکراوی زۆری یەکشەممەی ڕایگەیاند، بە سبەی یەکشەممە 23ـی شوباتی 2025، ئاسمان هەوری تێواو دەبێت، لەگەڵ بارینی بەفر لە زێربەی ناوچە بەرزەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێم بەشێوەی پچڕ پچڕ، بەفربارین سەنتەری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەگرێتەوە و بارینی بەفرەکی کەم لە سەنتەری پارێزگای هەولێر و کەرکووک.

هەروەها پلەکانی گەرما بە سبەی یەکشەممە نزم دەبێتەوە لەنێوان 4-2 پلەی سیلیزی بڕاورد بە تەماکراوەکانی ئەمە شەممە.